لە شاری هەولێر ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان بڕێوچوو

لە شاری هەولێر ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان بڕێوچوو.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێك (7ـی کانونی یەکەمی 2023)، پێشوازیکرا لە ڕێکخراوی مەسلەل لەگەل چەند نوێنەرێک لەو ئافرەت و پیاوانەی کە لەگەل ئەو ڕێکخراوە بەشداری چالاکی ڕێکخراوی ناوبراو دەکەن بە بەرزکردنەوەی هەشیاری دژی توندوتیژی.

لە وتەکەیدا قایمقامی هەولێر جەختی لە هەوڵەکانی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتکردنی ئافرەتان و بەرەوپێشبردنی بەهرە و تواناکانیان و پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگای کوردی کردەوە.

لەلایەن خێزانە نوێنەری ئەنجومەنی باڵای خانمان پەیامی خێیان پێشکەشکرد لەسەر ئەو 16 ڕۆژ چالاکی سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دواتر بەرپرسی دەسیەی توندوتیژی لە ڕێکخراوی ناوبراو وتارێکی پێشکەشکرد و باسی لە چالاکیەکانی ڕێکخراوی ناوبراو کرد لە بواری داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان.

شایەنی باسە، چالاکی 16 ڕۆژی دژ بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جەندەری هەمەتەکی جیهانییە کە ساڵانە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژنان بڕێوە دەبرێت. هەموو ساڵێک لە 25ـی تشرینی دووەم

(ډډژی جیهانی نړهړشتنی توندوتیژی دژی ژنان) تا 10ـی کانوونی یړکړم (ډډژی مافړکانی مرړف) بړردړوام دړبړت.